

# سێوی ڕەسەن

**چنوور سەعیدی**
**(سنە)**

باخەکەی لە دەرەوی شار بوو، کە لە جادە سەرەکییەکەوە پێچی کردەوە بۆ ناو جادە خاکییەکە، دڵەڕاوکە کەوتە گیانمەوە، جادەیەکی ناخۆش و پڕ پێچەڵاو پلّووچ بوو! لادێیەکمان تێپەڕاند و جادەکە باریکتر بووبووەوە. ڕاستییەکەی ئەم پیاوەم تازە ناسیبوو، ساکار و هێمن دەینواند، جۆری تماشاکانی ئازاری نەدەدام، ناسینی من وەک ڕووداوێکی گرینگ و ناوازە وەبەر چاوی نەدەهات، سەرنجی نەدەدام و هەوڵی نەدەدا ببینێ، دیدارمان بە پێی دووداو و بۆنەوە بوو، قەتیش هەوڵی نەدەدا لە ژیانی تاکەکەسیم سەردەربێنێ، بۆ نموونە هەرگیز نەیدەپرسی مێردم کردووە، یان نە؟ نە بەدزییەوە سەرنجی قامکی ئاڵقەکەمی دابوو و نە جەستەم! تەنانەت بە گاڵتەشەوە نەیپرسیبوو چەندە ڕەفیقی کوڕم هەیە؟ لەوەتەی لە بیرم بێ هەمیشە شەیدای پیاوانی وا لووت بەرز بووم، ئەو پیاوانە وا نامبینن، یان لانیکەم وا دەنوێنن کە نامبینن.

بۆیە کاتێ گوتی:

" – دەبێ بتبەم بۆ باخەکەم و بابەتێکی گرینگت بۆ باس بکەم."

نام پێ نەگوت، تەنانەت کاتێ کە گوتی:

"– پێویستە هەوا تاریکان بڕۆین تا دراوسێیەکان نەمانبینن، ئەزانی خۆ... ببوورە."

ئێستاش تەنیا ڕووناکایی ئەم باخە گەورەیە، تریفەی مانگەشەوە، لە ژێری دارێکی بەساڵاچوودا جێگایەکی بچووکی ڕاخستووە.

"– فەرموو دانیشە!"

جـێگایەکی دوو کـەسی، تەنانەت بۆ ئەوەش نابێ جانتـاکـەم لە نێـوانمان دانێم، بریا جانتـا بچـووکـەکـەم بهێنابا، ئەو جانتایەم بۆیە کڕی بابەتی سنوور دانانە بۆ جـێگایـەکی تەسکی وا. بـۆ ئەوە نابێ چاویلکە و کرێمەکانمی تێبخەم، هەر ئەوەندەی پێدەکرێ نەهێڵێ سـمـتم بنووسێ بە خـەڵکەوە و سـیـمـەکـانی مـێشکم تێکەڵی یەکتر بێ!

بە ئەسپایی لە تەنیشتمەوە دادەنیشێ، کەچی پێمەوە نانووسێ، بەڵام هەر لە خۆڕا دڵم توند لێدەدا، بە توونی تەتەر با هێندە لێبدا تا دەوەستێ، ئەمە خەتای ئەو بوو منی هێناوەتە ئەم تاریکستانە، ئەم جارە بە بێ ئەو سێ و دووە هەمیشەییەم فریوی دڵم خوارد و وەک پەز سەرم داخست و سواری ماشێنەکەی بووم!

"- باخەکەم زۆر گەورە نییە، بەڵام بۆ بێتاقەتیم باشە، تازە خەریکم کەوێڵێکی بۆ دروست دەکەم، بە نیازم وردە وردە کتێبخانەکەم بۆ ئێرە بگوازمەوە و کەمتر ئاوێتەی شـار بم، بە بەری دارەکـانیش دەژیم، بە زیاد بێ چیم دەوێ ئیـتر؟ چەند جۆر سێـوم چاندووە، ترش، شـیرین، سـوور، ئەمـەی لە ژێری دانیـشـتووین داری سـێـوە سوورەیە."

خۆی ڕادەکێشێ و لە نزیکترین چڵدا سێوێکی سوور لێدەکاتەوە و لەبەر لووتمەوە دەیگرێ کە بۆنی بکەم:

نەفرەتی لێبێ دڵم وا پەشیمانە و وەختە بوەستێ! جۆرێک سێوەکەی لێ وەردەگرم کە دەستم وەدەستی نەکەوێ. بە ئەسپایی چڵێ لە بەر دەمم لادەدا و دەیخاتە پشتی سەرمەوە و دەپرسێ:

"- تا ئێستا گوێت لە دەنگی شەو گرتووە؟ بووە چەند سەعات لە تاریکییەکی ئەنگووستە چاودا تەنیا و تەنیا بیر بکەیەوە"؟

"- تاریکی؟ نا... لەوەتەی لەبیـرم بێ لە تاریکی ترسـاوم، کـە منداڵ بووم بە دز و پشـیلە و جندۆکـەیان دەترساندم و ئێستاش..."

"- ڕاستی تۆ سەرمات نییە؟ چاییەکی سەر ئاگرت پێ چۆنە؟ باش بوو دەمەو ئێوارە بهـاتاین، مـریشکمـان دەهێنا و بۆ خۆمان دەمانبرژاند، بەڵام نەڕەخسا، بەڵکو کاتێکی تر بگونجێ."

پێم سەیرە هێندە ئاسوودە قسـەم لەگـەڵ دەکا بە بێ ئەوەی سەیرم بکا. خۆ ئیتر ئێرە کلاس و کۆبوونەوەکان نییە، کەچی هەموویان وەک یەک نین، بۆ کچ خەڵەتاندن شێوازی جۆر بە جۆریان هەیە، دیارە ئەمەیان بە ئەزموونە وا ئێـسـتـا من لێـرەم، پەلەم نیـیـە، ئارام ئارام بۆم دەردەکەوێ چی لە ژێر کڵاوەکەیدایە!

دەنگی کەس نایە و دەنگیشم بە هیچ کـوێ ناگـات، تەنیا حەپە حەپی سەگە دوور و نزیکەکانە، با لەحنیشی وەک هەمـیـشـە سـارد و ئاسـایی بێ، بەڵام من هەر پەشیـمـانم لە هاتن، نەدەبووا گـوێم بە دەنگی دڵم بدایە. هەوڵ دەدەم دەنگم نەلەرزێ و ناسکییـەکـەی جارانیشی نەبێ:

"-هیـچم ناوێ بەڕێز، بڕیار بوو بابەتێکی گـرینگم بۆ باس بکەن، بێ زەحمەت تۆزێ خێرا!"

هاتم بە حیسـاب ئازایەتی خۆمی پێشـان بدەم، بەڵام باشتر وا بوو بە ڕۆژ بهاتایم.

"- نازانم بۆچی حەزم کـرد باسی جـۆرە سێـوێکت بۆ بکەم بە ناوی "خـان حەمەخانی"، سێوێکی سروشتی و هەرە شیرین، ئێستا ئیتر زیاتر لە بیست ساڵە ئەم جۆرە سێوە نەماوە، لەوەتەی جووتیاری پیشەیی بوو بە باو... تۆ باشی؟ برسیت نییە؟ دیارە سەرماتە وا دەلەرزی، بچم بەتانییـەکت بۆ بێنم؟ ئەم پاڵتـاوەم لەبەر دەکـەی؟ پەلە مەکە جارێ دانیشتووین، لەو میوە تازانە بخۆ، ئەمەش قـەیسی و تووی ئەمـسـاڵە، خـاوێنە پێـویست بە شووشتنەوە ناکا، بەڵام گەر دەشتەوێ بیشۆیتەوە دەتبەم بۆ سەر کانی."

جگەرەیەک دادەگـیـرسـێنێ، لەو چەند چرکـەیە وا ڕوومەتی کەوتۆتە بەر ڕووناکیی شقارتەکەوە، ئەو خەمە وا لە ناو دەنگیدایە، لە لایەکی ڕوومەتیشیدا دەیبینم، سەرەتای پاییـزە و کزەبایەکی سـارد هەڵدەکا، خوزگـە بمویرابا خۆمی پێوە بنووسێنم و لانی کەم لای چەپم گەرم بێـتـەوە. بێ دەنگە و گـوێ بۆ سـیـسـرکـە و بۆقـەکـان ڕادەگرین.

هەڵدەسـتێ و بەرەو لای کـەوێڵـەکـە دەڕوا، تماشـای مۆبایلەکەم دەکەم، شەبەکەم نییە و دڵم دادەخورپێ، ئەی هاوار ئێـرە کـوێیە و چەند کیلۆمـەتر لە شارەوە دوورە؟ ئەگـەریش شـەبەکـەم هەبێ، بە کێ بڵـێم بۆ کـوێ بێ بە هانامەوە و ئاخـۆ کـەنگێ دەگـا؟ هێندە شـەوەزەنگە کـە ناتوانم بەردێک، یان کۆتە دارێک ببینمەوە، ئێرە باخی ئەوە و گـەر خـۆیشم بشـارمـەوە بە چاو بەسـتـراوی

دەمدۆزێتەوە و کارەکە خراپتر دەبێ!
دەبیستم بە خشە خش دەگەڕێتەوە و شتێکی بە دەستەوەیە، تووڕەکەیەک لە باوەشم دادەنێ:
"- ئەمەش بەشی تۆیە لە گوێزی ئەمساڵ، گوێزی کاغزییە و خەمت نەبێ ناو پڕە، وەک گوێزە خوێرییە بیانییەکان نییە زۆر و زوو بەر بدا و نیوەی پووچەڵ بێت و تەنیا بازاڕ گەرم بکا!"
"- بڕیار بوو شتێکی گرینگم بۆ باس بکەن، بیرتان چۆتەوە؟ تکایە زووتر، من دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵ."
ئەیژیت دەنگم نابیستێ، دەست بە ئەژنۆ دادەنیشێ و چاو دەبڕێتە تارمایی دارەکان.
"- سێوی خان حەمە خانیان پێ دەگوت، نازانم بۆچی ئەو ناوەیان پێوە نابوو، لەوانەیە بۆ نموونە یەکەم جار خان حەمە خانێک ئەو جۆرە سێوەی چاندبێ. هەموو خەتای ئەم جووتیاری و باخدارییە نوێیەیە، دارەکان خەریکن دەکەن بە مریشکی ماشینێیەوە، بە کوودێکی زۆرەوە گەورەیان دەکەن، ڕاستە بەری زۆر دەدەن، بەڵام بەو ڕادەیەش ئافاتیان هەیە، وەک مرۆڤی سەردەم وان، بێ ڕەگوڕیشە، بێ بۆنوبەرامە، خۆش ئاو و ڕەنگن و هەر بۆ بازاڕ گەرم کردن باشن، بەڵام بڕوات هەبێ لە ناوەوە پووچەڵن و زوو تەواو دەبن."
بیری چۆتەوە من لە ئێرەم، جۆرێ قسە دەکا کە نازانم بەردەنگ منم، یان خۆی، یان دارەکان، یان مرۆڤی سەردەم، یان سێوی خان حەمە خانی کە ئیتر ڕەچەڵەکی نەماوە.
هەڵدەستێ و بەرەو لای ماشینەکە دەڕوا، دڵم خەریکە هێدی دەبێتەوە و بەو تۆزە تریفەوە ڕێگای خۆم لە نێو دارەکاندا دەدۆزمەوە. دەگەینە سەر جادە سەرەکییەکە و ژاوە ژاوی شار.
ڕووناکی گڵۆپەکانی شار ئەو خەمەم پێشان دەدا وا سەرتاسەری ئەمشەو لە گەڵیا بووم، ئەو خەمە وا کاتێ لە هەندێ لەو کۆبوونەوانەدا باسی کۆمەڵکوژییەکانی مێژووی دەکرد، هەمموو ڕوومەتی دادەپۆشی. ئانتێن گەڕاوەتەوە نێو مۆبایلەکەم و ترپەی دڵم هێدی بۆتەوە، کەچی ئەو هەر بیری نەماوە من لە گەڵیم.
"- حەیف بوو ڕەچەڵەکی ئەو سێوە ڕەسەنەمان لە دەست دا، هێندە شیرین بوو گەر تۆزێ درەنگ لێت کردبایەوە کرم لێی دەدا، من منداڵ بووم و بە چاوی خۆم بینیم، جوان لە بیرمە بۆنێکی خۆشی هەبوو، تەنانەت شیرینتریش بوو لە شەکرە سێو، خۆ وەک ئەم سێوە دەسکردانە نەبوو، بە ڕواڵەت سێون، خوا دەزانێ ڤیتامینیشیان هەبێ یا نە، بێ بۆن، بێ ڕیشە، بێ تام! ڕێک وەک خۆیان وان."

**٦ی ڕەزبەر ١٣٩٤ - سنە**